# پەیڕەوی ناوخۆی

# تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

## بەشی یەکەم

### ماددەی(١)

**ناوی تەڤگەر:**

(تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان)ە. کورتکراوەکەی (تەڤگەری ئازادیی)یە.

### ماددەی(٢)

**ئاڵاکەی:**

زەمینەیەکی سوور، لەناوەڕاستیدا مەشخەڵێ ئاگرێکی کڵپەسەندووی زەرد، دوو گوڵەگەنمی سەوز بەدەوری مەشخەڵەکەدا، لەسەرەوەی ئاگرەکەدا بەکەوانەیی ناوی تەڤگەرەکە، لەژێر مەشخەڵەکەدا ساڵی دامەزراندن، نووسینەکە بە رەنگی زەردە.

### ماددەی(٣)

**پێناسەی تەڤگەری ئازادیی:**

تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتییە، لەپێناو ئازادیی، دیموکراتی، دادپەروەری، یەکسانی و ئاشتی لە کوردستان وعێراق تێدەکۆشێت و شێوازی تێکۆشانی دیموکراتی جەماوەری بەبنچینە وەردەگرێت.

### ماددەی(٤)

**ئەرک و ئامانجەکانی تەڤگەری ئازادیی:**

1. لەپێناو بەرگریکردن لە سەرجەم ماف و ئازادییە تاکەکەسی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا تێدەکۆشێت لە کۆمەڵگەی عێراقدا.

2. لەپێناو یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا پشتیوانی لە تێکۆشانی یەکسانیخواز و دادپەروەریخوازانەی چین و توێژە رەنجدەر و کرێکار و چەوساوەکان دەکات.

3. لەپێناوی ئەوەی ژن ناسنامە و ئیرادەی خۆی بەدەست بێنێتەوە و ئازاد ببێت تێدەکۆشێت.

4. بوونی هەمەڕەنگی و هەمەچەشنەیی کولتووری سروشتی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتنخوازە. بۆیە لەئاستی ئەقڵییەت و چەمکدا، ژیان و کاردا، ماف و ئازادییەکاندا؛ لەبەرامبەر بە هەموو جیاکارییەکی نەرێنی تێدەکۆشین کە لەسەر بنەمای رەگەز و رەنگ، زمان و شێوەزار، چین و توێژ، نەتەوە و نەژاد، ئایین و ئایینزا بسەپێنرێت و پەیڕەو بکرێت لەکۆمەڵگەی کوردستان وعێراقدا.

5. جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، نۆڕمی سێ نەوەی مافەکانی مرۆڤ (مافەکانی مەدەنی و سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، ژینگە و گشەپێدانی مرۆیی) و سەرجەم پێوانە پێشکەوتووەکانی ماف و ئازادیی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان پەسند دەکات و خاوەنداریێتی لێدەکات.

6. لەبەرامبەر بە هەموو جۆر و شێواز و ئامرازەکانی توندوتیژی تێکۆشانی دیموکراتی دەکات.

7. لەپێناو ئەوەی گەنجان ببنە خاوەن کەسێتییەکی ئازاد و بە ئیرادە و دەستپێشخەری و پێشەنگی ئاواکردنی کۆمەڵگایەکی دیموکرات تێدەکۆشێت.

8. لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و ئارام بۆ پیر و پەککەوتە، منداڵ و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان تێدەکۆشێت.

**ماددەی(٥)**

**یەکەم**

**ئەندامێتی لەتەڤگەری ئازادیدا:**

1. ئەبێت عێراقی بێت و ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت.

2. هەرکەسێک تەمەنی گەیشتبێتە ١٨ساڵی و بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی تەڤگەری ئازادیی پەسند بکات و لەناو ئۆرگانێکیدا بێت و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات ئەندامی تەڤگەری ئازادییە.

3. نابێت ئەندامی هیچ پارتییەکی تر بێت.

4. نابێت ئەندامی هیچ یەکێك لە دەستە سەربەخۆکان بێت.

5. نابێت تاوانبار بێت بەهیچ تاوانێکی کۆمەڵایەتی یاسایی.

**دووەم**

**هەڵوەشانەوەی ئەندامێتی**

1. مردن

2. دەستلەکارکێشانەوەبە نوسراوی فەرمی.

3. بەهەچ هۆکارێکی پابەند نەبوون بەپەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخستنی و نایاسایی.

**ماددەی(٦)**

**ئەرک و مافە بنچینەییەکانی ئەندام:**

1. هەموو ئەندامان هەمان ماف و ئازادیی خۆیان هەیە و بەگوێرەی راستینەی سروشتی خۆیان ئەرکیان هەیە و لەبەرامبەر بەیەکتردا بەرپرسیارن.

2. هەموو ئەندامێک مافی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردنی لە ئاستی گشتی و بۆ ئۆرگانەکان هەیە.

3. هەموو ئەندامێک لە پلاتفۆڕمەکانی تەڤگەری ئازادییدا مافی رەخنە و پێشنیاز و پێشکەشکردنی پرۆژەی هەیە.

4. هەموو ئەندامێک ئەرک و مافی بەشداریکردنی لە بوارەکانی پەروەردە و کار و خەباتدا هەیە.

5. هەموو ئەندامێک بەرپرسیارە لە راست خستنەڕوو و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی تەڤگەری ئازادیی و تێکۆشان لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکان و پاراستنی پرەنسیپ و رێساکان و بەها ماددی و مەعنەوییەکانی تەڤگەری ئازادیی و جێبەجێکردنی بڕیار و راسپاردە گشتییەکانی تەڤگەری ئازادیی.

6. لەژیان و خەباتی خۆیدا بە پرەنسیپەکانی ئازادیی، دیموکراتی، یەکسانی، دادپەروەری و تەبایی هەڵسوکەوت دەکات و پێوانەکانی هەڤاڵێتی، نیشتمانپەروەری، هاوسەنگی نێوان هەردوو رەگەز و ژینگەپارێزی بە بنەما وەردەگرێت.

7. بەرێکوپێک بەشداری لە کۆبوونەوە دەستنیشانکراوەکان دەکات و ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆی پێکدێنێت.

**بەشی دووەم**

**ئۆرگانەکانی تەڤگەری ئازادیی:**

**ماددەی(٧)**

**کۆنگرەی دامەزراندنی گشتی**

دوای ئەوەی پارتی سیاسی کەفەرمییەتی خۆی وەرگرت لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دەبیت لەماوەی 90 ڕۆژدا پارتی سیاسی کۆنگرەی خۆی ببەستێت بەئامادەبوونی زۆرینەی ڕەها لەو ئەندامانەی کە ناویان لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تۆمار کراوە واتە (نیو +1)، ئەگەر نەتوانرا ئەو ژمارەیە لەئەندامان کۆبکرێتەوە ئەوا دوای 10 ڕۆژ کۆنگرە دەبێت ببەسترێت کە ڕێژەی بەشداربوونی کۆنگرە لە 250 ئەندام کەمتر نەبێت و بەئامادەبوونی نوێنەری فەرمانگەی کاروباری پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان.

**ماددەی(٨)**

1. کۆنگرەی گشتی و ئاوارتە

ا. کۆنگرەی گشتی چوار ساڵ جارێك دەبێت ببەسترێت بەبەشداربوونی ئەوناوانەی کەتۆمار کراون، ئەرکی کۆنگرەکە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی و پەسەند کردنی پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرامی سیاسی.

ب . کۆنگرەی ئاوارتە لەسەر داوای سەرۆکی پارت و یەك لەسێی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی، وەهۆکارێك هەبێت بۆ بەستنی کۆنگرەی ئاوارتە.

2. **دەستەی سەرۆکایەتی**

ا: **دەستەی سەرۆکایەتی**

1. دەستەی سەرۆکایەتی تەڤگەری ئازادیی لە سەرۆک و چوار لە جێگرانی پێکدێت.
2. دەبێت ڕێژەی هەردوو رەگەز لە دەستەی سەرۆکایەتیدا لە ٤٠% کەمتر نەبێت.

**ب: سەرۆک**

1. ڕێکخەری سەرجەم کار و خەباتی تەڤگەری ئازادییە. سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دەکات.
2. هەر ئەندامێک بۆی هەیە لەماوەی دوو خولی سەرۆکایەتی بەسەریەکەوە ئەرکی سەرۆک وەربگرێت، کەماوەکەی 4 ساڵە.
3. لە ئەگەری ژیان لەدەستدان، دەست لە کار کێشانەوە، یان لاوازی سەرۆکی تەڤگەر لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکەیدا، تا کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرە یەکێک لە جێگرەکانی بە وەکالەت ئەرکەکانی سەرۆکی تەڤگەر جێبەجێ دەکات.

**ج: جێگرانی سەرۆک**

1. لەناو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیدا چوار جێگری سەرۆک هەڵدەبژێردرێن و لەلایەن سەرۆکەوە ئەرکدار دەکرێن و بەرپرسیارێتی ئاسایی خۆشیان جێبەجێ دەکەن.
2. یەکێک لە جێگران وەک وتەبێژی دەستەی سەرۆکایەتی تەڤگەری ئازادیی دەستنیشان دەکرێت.

**3. دەستەی بەڕێوەبەرایەتی**

1. دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بەرزترین ئۆرگانی جێبەجێکردنە لە 15 ئەندام ودوو ئەندامی یەدەك پێکدێت. هەر چوار ساڵ جارێک لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.
2. ئەرکدارە لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و دەستەی سەرۆکایەتی و دوو مانگ جارێك ڕاپۆرت ئەدات بەدەستەی سەرۆکایەتی.
3. دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دوو مانگ جارێک بە بەشداری زۆرینەی ئەندامان کۆبوونەوە دەکات. سەرۆک یان جێگرانی سەرپەرشتی کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دەکات. بە پێی داوای سەرۆکی تەڤگەر و یەک لە سێی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی، کۆبوونەوەکانی پێش یان دوا دەخرێت.
4. دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لەئاستی هەرێمەکاندا لەچوارچێوەی ئەنجوومەنی هەرێمەکان و بوارەکانی کار و خەباتیشی لەچوارچێوەی ناوەندەکاندا خۆی ڕێکدەخات و بەڕێوەی دەبات. بە شێوازێکی ڕێکوپێک ڕاپۆرت لە ئەنجوومەنی هەرێمەکان و ناوەندەکانی کار و خەبات وەردەگرێت و لە کاتی پێویستدا گشتینامە دەردەکات.

5. لەئەگەری ئەوەدا کە بەهەر هۆکارێک بێت ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کەم بوویەوە، ئەو پاڵێوراوانە جێگەیان پڕ دەکەنەوە کە ڕێژەی پێویستیان بەدەست نەهێنابوو بۆ ئەندامێتی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لەکۆنگرەدا.

6. دەبێت تەمەنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لە ٢٥ ساڵ کەمتر نەبێت.

### 4. ناوەندەکانی کار و خەبات:

بوارەکانی کار و خەبات لەڕووی کرداریەوە لەسەر بنەمای ناوەندەکان ڕێکدەخرێن. ناوەندەکان لەسەر بنەمای کۆمیتەکان خۆیان ڕێکدەخەن و کار و خەباتی خۆیان بەڕێوە دەبەن. هەر ناوەندێک بەرپرسیارە لە ئامادەکردن و پەروەردەکردنی خەباتکاری خۆی و پێدانی ڕێنمایی پێویستی خەبات.

#### ا. ناوەندی سیاسەتی دیموکراتی

1. کۆمیتەی پەیوەندییە سیاسییەکان: بەرپرسیارە لە سازدان و پێشخستنی پەیوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ پارت و لایەنە سیاسییەکان و بەڕێوەچوونی چالاکی دیبلۆماسی.

2. کۆمیتەی پەیوەندییە جەماوەرییەکان: بەرپرسیارە لە سازدان و پێشخستنی پەیوەندییە جەماوەری و کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخستنە جڤاکییەکاندا.

#### ب. ناوەندی ڕۆشنگەری و چاندی دیموکراتی

1. کۆمیتەی پەروەردە و لێکۆڵینەوەی فیکری: ئەرکدارە لە بەڕێوەبردنی خوولە پەروەردەییەکان و پێشخستنی لێکۆڵینەوە فیکرییەکان و زانستە جڤاکی و سیاسیەکان.

2. کۆمیتەی ڕاگەیاندنی ئازاد: کار و چالاکیەکانی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن ڕێکدەخات و پەرەیان پێدەدات. سیاسەتی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی تەڤگەری ئازادیی جێبەجێدەکات.

3. کۆمیتەی چاند و هونەری ئازاد: ئەرکدارە لە پاراستنی زمان و شێوەزارە زگماکییەکانی جڤاکی کوردستان وعێراق و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان و پەرەپێدانی چاندی جڤاکی دیموکراتی و هونەر و ئەدەبیاتی ئازادیخواز و بەرگریکردن لە ژیان و داهێنان و ئازادیی هونەرمەند و نووسەران و ڕووناکبیرانی ئازادییخواز.

**ج . ناوەندی کۆمەڵگای ئازاد و ژینگەپارێز**

1. کۆمیتە کۆمەڵایەتییەکان: ئەرکی ڕێکخستنکردنی جەماوەری لەڕێگەی کۆمیتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (خاوەن پێداویستانی تایبەت، زیندانیانی سیاسی، ڕەنجدەران، تەندروستکاران، مافپەروەران، مامۆستایان، فەرمانبەران، وەرزشکاران و ...هتد) دەبێت کە هەوڵی هوشیارکردنەوە و ڕێکخستەکردن و چالاککردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەدات.

2. کۆمیتەی ئەتنیک و باوەڕییەکان: جیاوازییە ئەتنیکی و باوەڕمەندی و گروپە جڤاکییەکان بنەمایەکی دیکەی کۆمەڵگای دیموکراتیین. لەسەر ئەم بنەمایە بەرگریکردن لەهەموو جیاوازییە ئەتنیکی و باوەڕمەندییەکان وەک دەوڵەمەندییەکی چاندی و پێشخستنی هوشیاری بەیەکەوە ژیانی ئازادانەی ئەو جیاوازییانە ئەرکی بنچینەیی ئەم کۆمیتەیە.

**د . ناوەندی ڕێکخستنەکانی ژنان**

بەرپرسیارە لە ڕێکخستەکردنی خەباتی ئازادیی ژنان لەهەموو گۆڕەپانەکانی فیکری و سیاسی و جڤاکی و چاندی و حقوقی و بوارەکانی دیکەدا.

**هـ . ناوەندی ڕێکخستنەکانی گەنجان**

بەرپرسیارە لە ڕێکخستەکردنی خەباتی دیموکراتیانەی گەنجان لەهەموو گۆڕەپانەکانی فیکری و سیاسی و جڤاکی و چاندی و حقوقی و بوارەکانی دیکەدا.

**بەشی سێهەم**

**مادەی(9)**

**سەرچاوەی دارایی**

1. ئابونەی مانگانەو هاوکاری ساڵانەی ئەندامان.
2. هاوکاری دۆستانی تەڤگەری ئازادیی لەچوار چێوەی یاساو ڕێساکاندا.
3. فرۆشتنی بڵاوکراوەو ئەدەبیاتی تەڤگەر.

4. پرۆژە ئابووریە هەرەوەزیەکانی تەڤگەری ئازادیی لەچوارچێوەی یاساو ڕێساکاندا.

5. ئەو هاوکاری (بەخشین)ە کە حکومەت ساڵانە ئەیداتە حزبەکان.

**بەشی چوارەم**

**مادەی (10)**

الاحکام عامە( حوکمە گشیتیەکان)

1. میکانیزمی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ.

2. میکانیزمی هەڵوەشانەوەی پارت.

3. ئەنجومەنی دیسپلین.

**مادەی (11)**

**هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ:**

بەپێشنیازی دەستەی سەرۆکایەتی و یەك لەسێی ئەندامانی ، دواجار بەپەسەندکردنی زۆرینەی ڕەها لەکۆنگرەی گشتیدا پەسەند ئەکرێت.

**مادەی (12)**

هەڵوەشانەوی پارت بەبڕیاری یەك لەسێی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی و پەسەندکردنی لە کۆنگرەی ئاوارتە تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی پارت، هەروەها پارەو کەل وپەلی پارتی ناوبراو ئەچێت بۆئەو جێگایەی کەلەکۆنگرەدا دەستنیشان ئەکرێت.

**مادەی (13)**

**دەستەی دیسپلین**

لە سێ ئەندام پێکدێت و یەکێکیان یاسا ناس بێت. دەستەی بەڕوەبەرایەتی دروستی ئەکات، لیکۆڵینەوە لە دۆسیەکانی دیسپلین دەکات وڕاپۆرتی خۆی ئەدات دەستەی سەرۆکایەتی بۆ پەسەند کردنی، کراەکانی بەوشێوەیە ڕێکدەخات.

1. هۆشداریدان.
2. ئاگادار کردنەوە.
3. هەڵپەساردنی ئەندامێتی.
4. دوورخستنەوە.

کۆتایی

تەڤگەر ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

2018/1/19